# تەنگژەی شانۆ ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە

ئا: فەخرەدین تاهیر
(سوێد)

(۱ - ۲)

بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگە دامەزراندن و گەشەسەندنەکەی ئەوەندە کۆن نییە، لەو قۆناغەی کۆچی کوردان لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ تاراوگە، ئەو بزاڤە دەستی پێکردووە و لەم قۆناغەدا دەستەیەکی دیاری دەستەبژێری ڕۆشنبیر لە هونەرمەندانی کورد بەرەو تاراوگە کۆچیان کرد و دوای نیشتەجێ بوونیان لە ئەورووپا بەگشتی و هەندێکیشیان لە باکووری ئەورووپا (ولاتانی ئەسکەندەناڤیا) ڕوونتر بلێین لە ولاتی سوێد مانەوە، هەوڵدان بۆ دامەزراندن و کاری هەرەوەزیانەی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا سەری هەڵدا... ئەو قۆناغە یەکەمین هەوڵ و دامەزراندنی گرووپی شانۆی کوردییە لە تاراوگەدا، قۆناغی دووەم لەدوای ساڵی ۱۹۹۱ وە دەست پێدەکات، لە دوای کۆڕەوە دوو ملیۆنییەکەی کوردانی باشوور دێت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەندێک لە شانۆکارانی کوردیش بیریان لە خۆ دەرباز کردن و خۆ پێگەیاندن کردەوە، تا لە ئەورووپا برەو بە خۆیان و بە شانۆی کوردی لە تاراوگە بدەن.

هەر لەو گۆشەنیگایەوە دەستەبژێرێکی دیکەی شانۆکارانی کوردی بەئەزموون بە ژن و پیاوەوە ڕوویان لە ئەورووپا کرد، هێندەی نەبرد قۆناغی دووەمی شانۆی کوردی تاراوگە دەستی پێکرد لە ولاتانی وەک: ئەڵمانیا. نەمسا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا و پێشتریش لە قۆناغی یەکەمیدا شانۆ تارادەیەک لە سوێد بە پچڕ پچڕی هەبووە، بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستمان زانی مێزگردێکی هەمە لایەنە لەگەڵ شانۆکار و پسپۆڕی ئەو بوارە بسازێنین... بۆ کۆکردنەوەی ئەو شانۆکارانە لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک توانیمان پێوەندییەکان دروست بکەین و مێزگردەکەش سازدرا.

ئەو کەسانەی توانیمان پێوەندیان پێوە بکەین بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

ئەنوەر قادر ڕەشید نووسەر و ڕەخنەگری شانۆ، برایم فەرشی نووسەر و شانۆکار، مەهدی جاف نووسەر و شانۆکار، فرمێسک مستەفا ئەکتەر و دەرهێنەر و مامۆستای شانۆ، هاوڕێ زەنگنە دەرهێنەر و پسپۆڕی شانۆ.

هەڵبەتە زۆر پسپۆڕ و دەرهێنەر و ئەکتەری دیکەی بەئەزموون لە ئەورووپا هەن، لەوانە چەند دانەیەکیان کار دەکەن و ئەوانی دیکەش دوور کەوتوونەتەوە و دەتوانین بێژین وازیان لە شانۆ هێناوە، مەخابن نەمانتوانی پێوەندییان پێوە بکەین.

* دوای ڕاپەڕین لە کوردستان دوو بۆچوون لەبارەی شانۆی کوردییەوە لە ئارادایە، بۆچوونی یەکەم پێیان وایە گەلی کورد شانۆی نییە، ئەم بۆچوونە نەبۆتە ڕاوبۆچوونێکی گشتگیر، بەڵام بۆچوونی دووەمیان تا



**ئەنوەر قادر ڕەشید**

ڕادەیەکی زۆرتر لە نێو هەندێک لە شانۆکاران و ئەو نووسەرانەی گرنگی بە شانۆ دەدەن، دەڵێن: شانۆی کوردی لە تەنگژەدایە، تەنگژەی پسپۆڕیی، دەق، بینەر و گرنگی نەدانی لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکانی فەرهەنگیی سەر بەحکوومەتی کوردستان، ئایا ئێوە لەو بارەیەوە ئەو ڕەوشە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئەنوەر قادر ڕەشید (ئەڵمانیا):** دەبێ پێشەکی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە لە خۆمان بکەین، ئایا شانۆ وەک هونەرێکی بەربڵاوی مرۆڤایەتی، دەکرێ لای هەر نەتەوە و وڵاتێک لەوی تر جیاواز بێت؟ بێ گومان هەر نەتەوە و گەلێک تایبەتمەندیی و دیدی خۆی بۆ بەرجەستە کردن و ڕاڤە کردنی پرسیارە ئەزەلییەکانی فەلسەفە و خەسڵەتە تایبەتییەکانی مرۆڤ هەیە، بۆیە دەکرێ شانۆ تایبەتمەندیی خۆی هەبێ وەک دید و بۆچوون، نەک لادان لە بنەماکانی شانۆی مرۆڤایەتی، بۆیە دەبێ ئەو تایبەتمەندییە بخرێتەوە قاڵبی هونەری و دەربڕینی ئیستێتیکی لە سنووری دەربڕینە هونەرییەکەدا، ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنی ڕاستەقینەیە ئەوەیە کە شانۆ لە کوردستاندا وەک دیاردە و پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی سەری هەڵنەداوە، بەڵکو وەک لاسایی کردنەوەیەکی هونەری لە لایەن قوتابیانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە بەغداوە هێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شانۆ ئەوەندە ڕەگی ڕۆنەچووە تا ببێتە پێویستییەکی بەردەوام بۆ وەرگر، ڕاستە لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندین گرووپ و تیپی هونەری هەبوون و چەندین جۆرە بەرهەمی ئەکادیمی و نا ئەکادیمییان پێشکەش کردووە و بینەرێکی بەرچاویش ئامادەییان هەبووە و چەندین سیمینار و دەمەتەقێشیان لەسەر کراون، بەڵام لەگەڵ تایبەتمەندیی بارودۆخی ژێر چەپۆکی ڕژێمی پێشوو و ڕادەی ڕۆشنبیری گەنجانیش نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی بابەتەکان بە لایەنی کەمەوە سەرەداوێک، یان هێمایەکی بەرگری و خەباتیان لەخۆ گرتبوو، بۆیە زیاتر دەبوونە هەناسەیەکی ئازادی بۆ بینەران، ڕەنگە ئەمە لای هەندێک کەس بە لایەنێکی نێگەتیڤی ئەو سەردەمەی لە قەڵەم بدەن، بەڵام ئەو لایەنی خەباتە لای کەڵە شانۆکارانی جیهان پەیڕەو کراوە، تەنانەت لای گرووپەکانی (هونەر بۆ هونەر) یش ئەو کەڵە شانۆکارانەی وەک پسکاتۆر و برێخت و داریۆ فۆ و ئۆگیستو بوئال و...تاد بە نا هونەری سەیر نەکراون، چونکە لە پاڵ دەربڕینی ئایدیۆلۆژیدا، ئەکادیمی و هونەریش بەرهەم هێنراون.

شانۆکاری کورد بەر لە ڕاپەڕین مۆتەکەیەکی بەناوی سانسۆرەوە لەسەر شان بوو، بۆیە بە ناچاری پەنایان بۆ خۆ دزینەوە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ دەبرد و ئەوەندەی سەرقاڵی جوانکاری دەبوون، زیاتر مەبەستیان گەیاندنی بابەت بوو، بابەتیش بەتاڵ نییە لە جوانکاری، چونکە مەعریفە و ئیستێتیکا دوو لایەنی لە یەکتر دابڕاو نین و تەواوکەری یەکترن، یان ڕوونتر بڵێین لە ئیستێتیکادا مەعریفە هەیە و مەعریفەش جوانکاری لەخۆ گرتووە.

پاش ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چەند فاکتەرێک کاریان لە سەرجەمی شانۆکاران کرد، وەک پێچەوانە بوونەوەی تەواوی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە باشووری کوردستان کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ڕاڤەکردنێکی نوێ هەبوو، لە هەموو دنیاشدا بە وەرچەرخانی قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر، بەرگریکارانی باو و سەرهەڵدانی دەربڕین و دیدێکی تر دێنە کایەوە، قۆناغی نوێش پێویستی بە بەرچاوڕوونی و تێگەیشتن لە دەوروبەر هەیە، لەلایەکی ترەوە باری نالەباری ئابووری وای لە شانۆکار و بینەریش کرد عەودالّی پارووە نانێک بن و تا قۆناغێکی تر شانۆ بخەنە خانەی دووەمی پێداویستییەکانەوە، هەر لێرەشەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆربەی شانۆکارانیان بەلای



**فرمێسک مستەفا**

خۆیاندا ڕاکێشا و لە کاری سەرەکی خۆیانیان کردن. ئێستاش کە دەوترێ شانۆ لە تەنگژەدایە ڕاستە، دەوترێ هۆڵی شانۆ نییە ڕاستە، دەڵێن دەقی ئەکادیمی نییە ڕاستە، دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان بەپێی پێویست ئاوڕ لە شانۆکار نادەنەوە ڕاستە، بەڵام لە هەموو ئەمانە ڕاستتر ئەوەیە دیدی هونەریی نییە، خوێندنەوەی هونەریی نییە، پێکەوە کارکردن ئەستەمە، یەکتر قبووڵ کردن لە ئارادا نییە، بەڕای من ئەمانە هۆکاری سەرەکی ئەو تەنگژانانەن کە من بە دروستتری دەزانم بڵێین شانۆکار لە تەنگژەدایە نەک شـانۆ، تەنگژەی شـانۆ ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە، چۆن دەڵێین شانۆمان هەیە کە ساڵ تێدەپەڕێ و لە سـەرانسـەری باشووری کـوردسـتـاندا دە بەرهەمی هونەریی بەچێژ نابینین؟ چۆن بڵێین شانۆمان تەندروستە کە لە دە فیستیڤاڵی شانۆییدا چوار بەرهەمی ئەکادیمی هونەری بەدی ناکەین؟

**فـرمـێـسـک مـسـتـەفـا:** ئێـوە لە بەشی دووەمی پرسـیـارەکـەتاندا، وەڵامی بەشی یەکـەمـتـان داوەتەوە، شانۆی کـوردی تا ئێـسـتـا دەیەوێت بوونی هەبێت و بەو شێـوازە لە دایک بێت کـە لە ئاسـتـێکی جۆراوجـۆردا ناسنامـەیەکی ڕەسـەن بۆخـۆی دروست بکات و خـۆی بەرەوپێش ببات. شانۆی کوردی لە بازنەیەکی داخراودا خـول دەخـوات، ئەمـەش گـەلێک هۆکـاری هەیە وەک نەبوونی پرۆگرامی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆ، گرووپە شانۆییەکان، گرنگی پێنەدانی شارەوانییەکانی شارەکـان بۆ مـاڵە شـانۆییـەکـان، نەبوونی هۆڵ و مـاڵی شـانۆیی شـیـاو و پێـشـکەوتوو و شـارسـتـانی، نەبوونی نمایشی بەردەوام. نەبوونی مەنهەجی پێویست لە پەیمانگا و کۆلیژە هونەرییەکان، کەمی پسپۆڕ لە شانۆدا، کەمی مـامـۆسـتـای مەشق و ڕاهێنان، لە سـەروو ئەمـانەشەوە نەبوونی بینەری بەردەوام بۆ بینینی نمایشـەکـان، نەبوونی سـتـراتـیـژیـیـەتێکی تەواو لە نێـوان خـوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبـیـــری، هەروەها نەبوونی پردێکی هاوبەشی ئەکادیمی لە نێوان شانۆکارانی دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات، ئەمـــانە هەمـــووی ئەوە دەردەخەن کە شانۆ تەنیا بۆ پڕکردنەوەی خولیایە، یان بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەیە، یان فەرمانبەری میرییە وەک دامـەزراوێکی حکوومی. هەر ئەمـەیشـە وای کـردووە شانۆکـاران بڕوایان وایە کە بەشی یەکەمی ئەو بۆچوونە کەسییە ئێستا لە دیدی شانۆکارە جددی و ئەکادیمییەکان گشتگیربووە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کـوردسـتـاندا کـە شـانۆکـارانی ناوەوەی وڵات دەرفـەتی ئەوەیان پێدراوە بە ئەزموونە شانۆییەکانی ڕۆژئاوا ئاشنا بن، کـەوتوونەتە ئەو پرسـیــارە و ئەو گـومــانەیان لەلا دروست بووە.

**برایم فەرشی (ئەڵمانیا):** باشووری کوردستان یەک لە پێنجی خەڵکی کورد و یەک لە شەشی خاکی کوردستانی لە خۆگرتووە. لێرە شتێک بە ناوی "شانۆ" پێشکەش دەکرێ، پەیمانگای هونەرە جوانەکان و شوێنی تر شانۆکار پەروەردە دەکەن. وەزارەتی ڕۆشنبیـری، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی لە پاڵدایە، کۆمەڵێک کەس بە ناوی شانۆکـار، پسپۆڕی شانۆ و کارمەند مووچە لە حکوومەت وەردەگرن، بە ملیۆن دۆلار بۆ فـیـسـتـیـڤـاڵ و پرۆژەی شـانۆ خـەرج دەکـــرێ. ئایا دەکـــرێ نکوڵی لە بوونی ئەوانە بکرێ؟ دەکـــرێ ئەوەش بپـــرسین، ئایا ئەوەی هەیە لەگـــەڵ سـتـانداردی باوەڕپێکراوی شـانۆ دێتـەوە؟ دەبێ ئەوەش ڕوون بکرێتەوە، مەبەست لە "تەنگژەی شانۆ، پسپۆڕی، دەق و بینەر" چییە؟

پەیڤی تەنگژە لە بواری جیاوازدا بەکار دەهێنرێ، بەڵام بە گشتی تەنگژە لە سەردەمی گواستنەوە لە حاڵەتێک بۆ حـاڵەتێکی دیکە ڕوودەدا و دەبێ کـاتی بێت، ئەگـەر ئابووری وڵاتێک مـاوەی بیـسـت سـاڵ لە تەنگژەدا مابێتەوە، ئابووری ئەو وڵاتە لەبەر یەک دەترازێ، ئەگەر شانۆ لە باشووری کوردستان ماوەی بیست ساڵ بە پسپۆڕ



**برایم فەرشی**

و دەق و بینەرەوە لە تەنگژەدا مابێتەوە، قسەی ئەو کەسانە دەسەلمێندرێ کە دەڵێن، شانۆ لە کوردستان بوونی نەماوە.

ئەگەر تەنگژە و نەمانی شانۆ لەدوای "ڕاپەڕین" دەستی پێکردبێ، دەبێ بەر لەوە "کوردستانی عێراق" هەم خاوەنی "شانۆی کوردی" بووبێت و هەم تەنگژەی شانۆ و پسپۆڕیی و دەق و بینەر لە گۆڕێدا نەبووبێ. ئایا ئەوە ڕاستە؟! ڕاست ئەوەیە، کە شانۆکاران لەو سەردەمەدا گوڕوتینیان بە شانۆ داوە و بینەریش لە هۆڵی تاریک دانیشتووە بۆ ئەوەی لە نێوان ڕەمزوڕازی وشە و نواندندا شتێک ببیستێ. بوونی گوڕوتینی شانۆکار و بوونی بینەر لەو سەردەمەدا بە مانای ئاستی بەرز و پسپۆڕیی و هونەری شانۆ و ڕۆشنبوونی پێناسەی "شانۆی کورد" نەبووە. هەر ئەو دەمەیش ئاڵۆزی و پشێوی و چەند بەرەکی و گرفتی نەبوونی تێکست، کەمبوونی پسپۆڕ لە ئارادا بووە، ئەگەر سەرنج بدەینە تێکست و شانۆنامەکانی ئەو کات کە بە کوردی نووسراون، بۆمان دەردەکەوێ کەمترین تەکنیکی نووسینی دراما تێیاندا بەدی دەکرێ، نواندن و تەکنیکی شانۆگەریی لە ئاستی پێویستدا نەبووە. لە زۆربەی شارەکانی باشوور، شانۆ بە شێوەیەکی خۆڕسک و حەزی تاکەکەسی و هەڵوێست و نیازی سیاسی پێکهاتووە، دامودەزگای شانۆ ئەگەر بووبێ، بەشێک لە دامودەزگای حکوومەت و ئیدارەکانی دەوڵەتی عیراق بووە و کوردەکان بە شانۆکارەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا، کە بە نیسبەتی کورد سیستەمێکی پۆلیسی، ئایدیۆلۆژیک و داپڵۆسێنەرانە بووە، کار و چالاکی شانۆییان نواندووە. شانۆکاران لەو سەردەمەدا هیچ بەڵگەنامەیەکی تیوریکیان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە کە بیسەلمێنێ ئەوان پێناسەی "شانۆی کوردی" و پرەنسیپ و تایبەتمەندییەکانیان دیاریی کردووە. شانۆی بەر لە "ڕاپەڕین" پڕ لە لەخۆبردوویی بووە، بەڵام بەیس و بنەوان و مەحەک نییە بۆ بوون و نەبوونی شانۆی بیست ساڵ دواتر.

شانۆگەریی پیشەیەکی ڕۆژانە و دژوارە لە ڕیزی کاری کرێکارانی "معدن". لە سەردەمی کۆن لە یۆنان، ئەو کەسانە دەبوون بە شانۆکار کە تاقەتی بیست ساڵ خوێندن و فێربوون و تاقیکردنەوەیان هەبوایە. شانۆ، کارێکی هۆشیارانە و هونەرێکی فیکریی و فەلسەفییە. نووسینی دراما یەکێک لە دژوارترین تەکنیکی نووسینەکانە. پێشکەش کردنی شانۆ کە بە شێوەی زیندوو ئەنجام دەدرێ و کارێکی هەمەلایەنەی گرووپییە، پرەنسیپ و بەئاگابوونێکی باڵای دەوێ و ئەنجامدانی لە توانایی هەرکەس و هەمووکەسێکدا نییە. شانۆی پرۆفیشناڵی سەردەمی ئێمە ئاسانتر لە پێشوو نییە، بەڵام لە پاڵ شانۆی پرۆفیشناڵ بە شێوەیەکی بەربڵاو شانۆی ئاماتۆر هەیە کە گەورەترین ڕێکخراوی شانۆی جیهان پێکدەهێنن.

ئەوەی هەموو کەس و هەرکەسێک دەتوانێ ئەنجامی بدات، نمایش و نمایشکارییە. لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا، لە هەموو سەردەمەکاندا و لە ناو ئینسانەکانی سەرەتاییشدا نمایش هەبووە و ئەفسانە و ئایینەکان تەژی لە نمایش بوون. فەرهەنگی کورد لە کۆنەوە هەتا ئەمرۆ پڕ بووە لە نمایش، کە هەم پەیوەست بووە بە ژیان، سروشت، شوێن و بیروباوەڕی ئینسانی کورد و هەمیش تەژی بووە لە بیر و خەیاڵ، فانتازیا و ئەفسانە. هیچ ئایین و ئایینزا و بۆنەیەک نەبووە لە ناو کورددا کە گرێدراوی نمایش نەبووبێت. نمایش خۆڕسک بووە و بە درێژایی مێژوو پشتاوپشت گواستراوەتەوە، ئەگەر شانۆ هونەرێکی هۆشیارانە بووبێت. نمایش لە غەریزە و نیازەوە سەرچاوەی گرتووە.

مێژووی ئینسان بە گشتی هەتا ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ژیانی غەریزی پڕ لە نمایش بووە، لەگەڵ پرسیارکردنی ئینسان لە خۆی و دەوروبەری، فەلسەفە



**هاوڕێ زەنگنە**

پێکهاتووە و شانۆ (تیاتر) لەگەڵ فەلسەفە و پرسیارکردنی ئینسان سەری هەڵداوە. بە پەیدابوونی شانۆ، نمایش و جیهانی خەیاڵ و فانتازیا و ئوستوورە بە تەواوی فڕێ نەدراوە، بەڵکو هۆشیارانە لە شانۆدا جێکراوەتەوە.

ئەگەر سەیری مێژووی فەلسەفە و شانۆ بکەین، دەبینین شانۆ زەرفێک بووە بۆ گواستنەوەی فەلسەفە و بیری فەلسەفەیی بۆ ناو خەڵک، بە پێچەوانەوە نمایش زەرفێک بووە بۆ گواستنەوەی باوەڕی ئایینی، خورافات و ئەفسانە بۆ ناو خەڵک. یەکەم درامانووسانی یۆنان و ئیتاڵیا فەیلەسووفان و یەکەم نمایشوان مرۆڤی ئاسایی بوون. نمایش لە ڕێگای لاسایی کردنەوە و شانۆ لە ڕێگای داهێنان و نواندنەوە پەرەی ستاندووە.

ئێمەی کورد هەرچەند دەوڵەمەندترین پاشخانی نمایش و ئوستوورە و ئاییینمان هەبووە و خاوەنی یەکەم دیالۆگ و مۆنۆلۆگ (گاتاکانی زەردەشت و ئەفسانەی گلگامێش) بووین کە دوو دیاردەی سەرەکی دراما لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستا بووە، بەو حاڵەوە لە نمایشەوە خۆمان نەگواستۆتەوە بۆ شانۆ.

ئەگەر دوای ئەم باسە بگەڕێیەوە سەر مەسەلەی شانۆ بەرەو دوای "ڕاپەرین"، دەبێ لە خۆمان بپرسین شانۆکارانی باشووری کوردستان لە هەردوو سەردەمدا، چەندە لە ناو نمایش و چەندە لە ناو شانۆدا سەر قاڵ بوون؟!

**هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا):** ئەگەر ئەم پرسیارەم پێش ساڵانێکی زۆر زوو لێ بکرایە، ئەوە یەکسەر بە وەڵامێکی زۆر کورت بەڕێم دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە زانستی هونەری شانۆ فێری کردم، بۆ هەر وەڵامێک دەبێت بناغەیەکی زانستیشی لەگەڵدا بێت. بواری شانۆ لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی زانست و زانستگاکاندا تێگەیشتنێکی تر بۆ کاریگەری و وردیلەکانی نێو شانۆ پەی پێبراوە، بۆیە گرنگییەکی لە نێو هەموو بوارەکانی زانستیدا پەیدا کردووە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە ئەمڕۆکە پسپۆڕی نووسینەوەی مێژووی شانۆ هەیە، لەنێو ئەم پسپۆڕییەشدا، پرسیارێکی ئەوتۆ دەخرێتە بواری لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانەوە و چەند بوارێک لەخۆ دەگرێ کە گەڕانە بەدوای سەرچاوە فەرهەنگییەکانی شارستانییەتی کۆنی کوردستان، ئەم گەڕانە بە هەموو بوارەکانییەوە کە پسپۆڕانی بواری میتۆلۆژی کوردستان و بواری شوێنەوارناسەکانی کوردستان و ڕیتوال و سەما و زانای شانۆ و...تاد. لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دەتوانرێت ئەو بەرهەمە بخەنە بەردەست و دەبێت بە بناغەیەکی ناسنامەی گەلی کورد و بزاڤی شانۆی گەلەکەی. بناغەکانی ئەم گەڕانە چۆن دەکرێت؟ ئەم کەسانەش دەبێت تەنیا کەسانێک بن، کە هزری زانستییان لە زانستی ئەکادیمییەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە ئەمڕۆی کوردستانیشدا ئەکادیمی بوون بووە بەپرسیارێکی گەورە و سەیر.

زانستی شانۆ گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامە، کە شانۆ لە ئەنجامی نمایشی شانۆیی و ڕیتوالەوە لە تەواوی جیهاندا سەرچاوەی گرتووە، کەواتە گەڕانێکی وردی زانستیمان پێویستە بە دوای ڕابردوومانددا، ئەم ڕابردووەش لە شارستانییەتی کوردستاندا دەستگیر دەبێت، کە لە شارە دێرینەکانی کوردستان وەک کرماشان و ئامەد و ئورفە و هەولێر و بابا گوڕگوڕ و دەڤەری بادینان و هەورامان و...تاد هەیە و شوێن و هەوارگە دێرینەکان دەستگیر دەبێت، واتە ئەو شوێنانەی کە لەسەر کەمیی تەمەنیان لە چەند هەزار ساڵێک بەسەرەوە دەبێت. ئێمە دەبێت بەدوای خوداکانی شارستانییەتەکەمان بگەڕێین، ئەمەش بەوە دەبێت، کە بزانین ئەو خودایانەی کە لە شاری کرماشان و ئامەد و هەولێر و کەرکووک و هەورامان و بادینان...تاد کێ بوون، چۆن دەیانڕوانییە ئەو خودایانە،

که سەرچاوەی نەهامەتی و بەختەوەریان بوون، بۆ دابین کردنی ئەو بەختەوەرییە چیان دەکرد؟ چۆن شایییان بۆ دەکرد و چۆن قوربانییان بۆ دەدا و ڕاویان بۆ دەکردن و چۆن سەمایان دەکرد و بۆ کێ سەمایان دەکرد و کێ تەماشایانی دەکرد، کێ داهێنانی ئەو جوولانەوەیە بوو و کێ سەرپەرشتی دەکرد؟ ڕەنگدانەوە و کاریگەری چۆن بوو؟ ئەمانە بەشێکی وردیلەی ناسنامەی گەلن. ئەی ئەو ڕیتوالانە چۆن بوون و چۆن جێبەجێ دەکران؟ خوداکان و کۆمەڵگە چۆن پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و دانوستاندنی نێوان خەڵک و خودا چۆن بوو؟ مرۆڤ چۆن ڕۆڵی خودای دەبینی و نوێنەرایەتی دەکرد؟ زانستی ئەمڕۆ بە بەڵگەی لۆژیکییەوە سەلماندوویەتی، کە بژاڤی شانۆی جیهانی ئەمڕۆ لە ناخی هزری ڕیتوالەوە سەرچاوەی گرتووە. شارستانیەتی میسری و میزۆپۆتامیا و یۆنانییەکان سێ شارستانیەتی دەوڵەمەندی جیهانین لەپاڵ شارستانیەتی هیند و چین و ئەفریقا.

کوردستان بەشێکە لە کولتووری میزۆپۆتامیا و چەندین جێگا و شاری دەوڵەمەندی هەیە، کە گەورەترین سەرچاوەی کولتوورییە، لە کوردستاندا شاری کرماشان قوولترین و چڕترین دەوڵەمەندیی بەخۆیەوە دەگرێت، شاری ئامەد و شاخی ئاگری داغ (خوداکانی هەموو ئەو ناوچانەی دەوروبەر لەسەر ئەو شاخە جێگای خەوتن و ئارامیی هەتا هەتاییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە)، شاری حەلەبی ئەمڕۆ دەوڵەمەندیی تایبەتی خۆی هەیە و شوێنەوارەکان هەتاکو ئێستاش ماون، لە کوردستانی باشووریش ناوچەی بادینان و ئاتەشگەدەکانی هەورامان چوار خوداکانی هەولێر و شاری کەرکووک گەورەترین سەرچاوەی کولتوور و فەرهەنگی شاراوەی کوردستان لەخۆی دەگرێت، ئەگەر زانستی پسپۆڕیی فەرهەنگی بۆ ناسنامەی کوردستان هزری بخاتە کار.

دوو شاری گەورە لە باشووری کوردستان (کەرکووک و هەولێر) کەوتوونەتە ناوەندی شارستانیەتی میزۆپۆتامیاوە، تەنیا لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا زیاتر لەسەد خودا هەبوون و خاوەن ڕیتوالێکی زۆر جۆراوجۆر و بەنرخن. ئەمە بەشێکی ئەو سەروەتەیە، کە شانۆی کوردی خودانێتی، بەڵام لە ڕووی زانستی شانۆوە پێویستە بخرێتە بواری لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرەوە، بە تایبەتی پسپۆڕی لە بواری زانستی مێژووی شانۆیی، هەروەها لە ڕووی زانستی سیمیۆلۆژیا و زانستی ئیکنۆگرافییەوە و زانستی شانۆ و بوارەکانی ترەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت. لە چەندین بواری تری شانۆدا ئێمە پێویستمان بە شرۆڤەکردن هەیە. یەکێک لەو بوارانە بواری سەکۆیە، لەیەکێ لە گوندەکانی کوردستان هەموو ماڵەکان خاوەن سەکۆی لاکێشەییە، لایەکی سەکۆکە پشتی داوە بە دیوارەکەوە، تەنیا لە یەک ماڵی ئەو گوندە، سەکۆکە لە ناو حەوشەکەدا بووە و سەکۆکەیان بازنەیی بووە، لەم ماڵەدا حیکایەتخوانێکی بەناوبانگ هەبووە، کە لەسەر ئەو سەکۆ بازنەییە حیکایەتی گێڕاوەتەوە. زۆر جار گێڕانەوەی حیکایەتەکەی حەوت شەوی دەخایاند. ئەو سەکۆیە تایبەت بۆ حیکایەتخوانەکە دروست کراوە. کاتێ خەڵکی هەموو لە دەوری حیکایەتخوانەکە دانیشتوون، ئینجا حیکایەتخوانەکە دەستی کردووە بە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی. ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت، ئەو حکایەتخوانە گۆچانێکی بەدەستەوە بووە، ئەو گۆچانە سیفەتی تایبەتی خۆی هەبووە، کە ئەم شێوە گۆچانە تایبەتە بە کولتووری کوردەواری، ئەو گۆچانە لە کاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکەی بووە بە دەسگیرانەکەی و بووە بە دوژمنەکەی و ببووە ڕەقیبەکەی و بووە بە ئەسپەکەی و زۆر بابەتی تر. ئەوەی شایانی باسە نزیکی هەمان بابەت لە گوندێکی سەردەشت و مەهاباد هەیە، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی شانۆیی هەیە لە ڕووی نواندن و نمایشەوە، بەتایبەت لەسەر بناغەی تازەترین لێکۆڵینەوەی نمایش چییە و نمایشی پێرفۆرماتیڤی چییە و چی بە نمایشی شانۆیی لێکدەدرێتەوە.

لە سەردەمێکدا شانۆگەریی گوند هەبووە، لەیەکێ لەو نمایشانەدا شانۆگەریی لەسەر عەرەبانەی تەراکتۆر پێشکەش کراوە. ئەم جۆرە نمایشە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبووە، پێویستە لە ڕووی زانستی سەکۆ و پانتایی و کاریگەری لەسەر ڕۆشنایی زانستی شانۆ و تیۆرییەکانی شانۆوە لێک بدرێتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕۆشنایی زانستی سیمیۆتیک.

سەبارەت بە شانۆ و تەنگژە، ئەم دوو واژەیە لە ئەدەبیاتی شانۆدا لە کام خاڵدا بەریەک دەکەون و ئەم دوو واژەیە بەیەکەوە لێک دەدرێنەوە، یەکێ لە بەناوبانگترین شانۆکاری ئەڵمانی هاینەر مویلەر لە شوێنێکدا دەڵێت:

(شانۆ خۆی تەنگژە)، ئەم وتەیەی هاینەر مویلەر زۆر لێکدانەوەی لێکەوتەوە و چەندین جار نووسین و گفتوگۆی لەسەر کراوە. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بە تێگەیشتنێکی زۆر جیاوازی بڵێم، هەموو بیرکردنەوەکان

له ڕوانگەی چۆنیەتی تێگەیشتن له هونەری شانۆ و ڕووداوەکانی سەر شانۆ و بڕینی سنووری کولتووری، بەرەو ئاشنایی بوون بە کولتوورەکانی تری گەلانی تری گەردوون.

تەنگژە و باس کردنی تەنگژەی شانۆ هەمیشە بە بودجەوە دەبەسترایەوە. بۆ نموونە ئەڵمانیا یەکێکە لەولاتانی ئەم جیهانە، کە ماڵی شانۆ و هۆڵی شانۆی دەوڵەت و هەرێم و پارێزگا و شانۆی سەربەخۆی تێدایە و ساڵانە لە لایەن حکوومەتەوە بە شێوەیەکی جیاواز هاوکاری دەکرێن، لە ئەڵمانیا نزیکەی دوو ملیار یۆرۆ بۆ شانۆ تەرخان دەکرێت، بۆیە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٠دا ویسترا کەم بکرێتەوە، یان چەند هۆڵێکی شانۆیی دابخرێت، بابەتی شانۆ و تەنگژە دەهاتە کایەوە. تازەترین نووسین لە بارەی تەنگژە و شانۆوە ڕۆژنامەی زوید دویچە هێنایە زمان و دەڵێت تەنگژە خۆی شانۆ دروست دەکات. سەرەڕای تەنگژە شانۆ دەتوانێت بزوێنەر و زیندوو و کاریگەر بمێنێتەوە، واتە تەنگژە لێرە بەمەبەستی بودجە و بڕینی بودجە، بەڵام بەپێچەوانەی کوردستانەوە.

شانۆی کوردی لە کوردستاندا (باشوور) لە تەنگژەدایە؟ لە مێژووی هەزاران ساڵەی کوردستاندا هیچ کاتێک هێندە پارەی نەبووە وەک ئێستا و هێندەی پارەی بۆ شانۆ سەرف نەکردووە وەک ئێستا. ئەی ئەم هەموو پارە زۆرە بۆ وا بە بێ سیستەمێکی ئەکادیمی و پلانێکی دروست بەم شێواوییە لە ناو دەچێت؟ کێ لەمە بەرپرسیارە؟ واژەی تەنگژە کە دێتە ناو شانۆکارانەوە، بۆ باس دەکرێت؟ کەواتە هۆیەک هەیە، ئەی دەبێت ئەو هۆیە چی بێ؟ تۆ بڵێیت نەزانرێت؟ زۆر لەو هۆیانەی کە باس کراوە بە ئاشکرا من دووبارەی ناکەمەوە.

بە ڕاستی شانۆ لە تەنگژەدایە؟ بەو شێوەیە، کە لەسەرەوە لێکم دایەوە، بابەتی تەنگژە دەبێت لە کوردستاندا بە جیاواز لە زۆربەی دنیا تەماشا بکرێت، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا بابەتی تەنگژە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییە بە هیچ شێوەیەک لە ولاتانی تر بەدی ناکەم.

ئەو تەنگژە لە کوردستانی باشووردا ڕووبەڕووی شانۆکار بووەتەوە، واتە شانۆکار لە تەنگژەدایە، بێ گومان بەشێک لە شانۆکاران لە تەنگژەدان. ئەو ڕواڵەت و دیاردەیە، ئەوە تەنگژەی شانۆکارانە کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤیان لەسەر تەواوی بزووتنەوەی شانۆی کوردستاندا هەیە. تایبەتمەندییەکانی ئەو تەنگژەی شانۆکاران لە کوردستاندا چییە؟من تەنیا چەند خاڵێکی گرنگی باس دەکەم.

**یەکەم:** ئەو شانۆکارانەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیارێتی شانۆیان گرتبووە دەست و هەندێکیان ئێستاش لە بەردەستیاندایە و خودانی زانستییەکی ئەکادیمی نین، ئەگەر ئەکادیمیش بووبێتن، ئەوە لە سنووری بەغداد و ولاتە سوسیالیستییەکان دەرنەچووە، دەگەڕێمەوە بۆ نەبوونی هزرێکی سیستەمی بۆ بیرکردنەوە. من پرسیارێک دەکەم، شانۆکارانی کورد لە زۆربەی شانۆکارانی جیهان بەهێزتر و خۆشەویستییان بۆ خاک و شانۆ بەرزە، بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە دەیان کەسی وەک من، لەوانەیە من نموونەیەکی زۆر بچووک بم لەم بارەیەوە. من کە جاری یەکەم سەردانی کوردستانم کرد و لە کوردستان هونەرمەند فرمێسک مستەفاشم بینی پێکەوە لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و دەربەندیخان وۆرک شۆپمان ئەنجام دا، هەمووشی لەسەر ئەرک و ماندووبوونی خۆمان بوو، لە ڕێگەی دهۆکەوە بەرەو هەولێر بۆ ئەنجامدانی وۆرک شۆپێک بەردێک لە شاخێک بەربۆوە خوارەوە و خەریک بوو بە خاوخێزانەوە لەناو بچین، بەڵام خۆشەویستی شانۆ زۆر لەلامان بەرز بوو. من خۆم دوای ئەوەش پێنج جار بۆ کۆڕ و وۆرک شۆپ و پرۆژەی شانۆیی بەبێ هیچ بەرانبەرێک هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، چوار جاریش بۆ دروست کردنی هۆڵێکی شانۆیی لەسەر بناغەی تەلارسازی شانۆی ئەڵمانی لەگەڵ ئەندازیارێکی تەلارسازی، کە خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردبوو لە بواری تەلارسازی شانۆ، هەمووی لەسەر ئەرکی خۆمان و بەبێ هیچ بەرانبەرێک هاتوومەتەوە. لەگەڵ هەر سەردانێکمدا زۆر بەخۆشییەوە هەر لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دەربەندیخان و چەمچەماڵ... تاد سەردانی شانۆکارانم کردووە و دڵسۆزیی شانۆ و برادەرایەتیمان گۆڕیوەتەوە و باسی دەیان خەونی شانۆییمان کردووە،

ئەمڕۆ دەبوایە ئەو خەونانە و خۆشەویستی بۆ شانۆ مەزنتر و جوانتر بکرایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو خەونانە بە هۆی دەسەڵاتی کەسانێکی ئەوتۆ کە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و لە وەزارەتیش بەرپرسیارێتی شانۆیان گرتووەتە دەست، ئەتمۆسفێرێکی زۆر خراپیان لەناو شانۆکارانی کوردستان دروست کرد، ئەتمۆسفێرێکی پڕ ڕقەبەرایەتی ئەگەر حکوومەتی کوردستان بەمە بزانێ، کە چی ئەمڕۆ لە

کوردستاندا هەیە، دڵنیام ئەو کەسانەی هۆکارن، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژووی شانۆ دەکاتەوە.

زۆربەی شانۆکارانی تاراوگە هیوای زۆریان بەشانۆ بەرزە و هیچ کاتێک ئەو ڕەفتارانە خەونی شانۆکاران لەبار نابات، بەڵام دڵسۆزی شانۆکاری تاراوگە بۆ خاک وکوردستان زۆر بەهێزە و ڕووبەڕووی ئەو ڕەفتارانە دەبێتەوە و دڵنیام ڕۆژێک ئەو لاپەڕانە هەڵدەدڕێنەوە و دەخرێنە بەردەستی حکوومەتی کوردستان.

**خاڵی دووەم:** خۆ بەکەم زانینی کەسێتی خود، ئەم خۆ بەکەم زانینەیە کە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، جۆرێکە لە نەخۆشی. ئەم جۆرە نەخۆشییەش ساڵانێکی زۆر لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات. کەسێتی جێگیر بۆ شانۆکار زۆر پێویستە، دڵسۆزی شانۆکارانیش لەنێوان یەکتردا هەر زۆر پێویستە. جاران شانۆکار و ئەکتەری شانۆ هەیمەنەتێکی هەبوو، سەنگینی خۆی هەبوو.. من زۆر جار هەناسە هەڵدەکێشم و دەپرسم بۆ دەبێت وا بەیەکتر بکەین، وێنەی هەندێ کەسێتی شانۆکار بە جۆرێک بە وتار و وێنە بڵاو دەکرێتەوە، من زۆرم پێ حەیفە بۆ؟ خۆ ئەوانە خاوەنی کەسێتی گەورە بوون، بۆ وایان لێهات؟ ئەمە زیانێکی زۆر بە بزاڤی شانۆی کوردی دەگەیەنێت، بۆیە بەڕای من پێویستە ئەو بارودۆخە بێتە گۆڕین.

**خاڵی سێیەم:** جەنگ لە کوردستاندا. جەنگی دوژمنەکانی کوردستان ڕەنگدانەوەی دەروونی زیانبەخشی دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستەیەی سەرەوە باسم کرد. ئەو کێشەیەی شانۆکاران لەناو خۆیاندا بەهیچ شێوەیەک کێشەیەکی تەندروست نییە، بەڵکو کێشەیەکە و نیشانەی خەست کردنەوەی نەخۆشییەکەیە. ئەم کێشەیە خۆشەویستی شانۆ و برادەرایەتی و هەستی نەتەوەیی دەکوژێت و کاری شانۆیی وێران دەکات و لەزەتی کاری شانۆکردن لاواز و ماندوو دەکات، هەروەها هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی شانۆیی ئیفلیج دەکات، هەروەک ئیفلیجی کردووە، هەروەها داهێنان ئیفلیج دەکات و شانۆکار بێ هەڵوێست و فێری دەستەمۆکردن دەکات، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بینەر و کۆمەڵگا دەبێت و بەم شێوەیە زیانێکی گەورە بەکوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش خواستی دوژمنانی کوردستانە، بەڵام بی ئاگا بەشێک لەو شانۆکارانە بۆیان جێبەجێ دەکەن و خۆشیان بێ ئاگا لە میدیاکاندا بە دڵسۆزی کوردستان دەدەنە قەڵەم. ئەو



مەهدی جاف

شانۆکارانە هەموویان لە دامودەزگای حکوومەتی هەرێمدا بەرپرسیاریەتییان لەبەردەستدایە و بەرانبەر بە ئاییندە بەرپرسن لە جیاتی بەرەوپێشخستن، شانۆیان بەرەو دواوە بردووە، ئەمیش بەرپرسیارییەکی گەورەیە. لە پلانەکانی سیستمی کارکردنی ئەڵمانیادا هەرکەسێ ئەگەر چوار ساڵ نەیتوانی ئەو هۆڵە شانۆیە بەڕێوەبەرێت و بەرەو پێشەوەی ببات، ئەوە واز دەهێنێت، یانیش دەیگۆڕن، یان خۆی جێگەکەی دەگۆڕێت، یان دوور دەکەوێتەوە، ئەمە کولتوورێکە پێویستی بە فێربوونە، بەم شێوەیە نرخی خۆی و کەسێتی خۆی لە مێژوودا دەپارێزێت.

**مەهدی جاف (سوید):** بە بڕوای من وا باشترە باسی شانۆ لە کوردستان بکەین نەک شانۆی کوردی، چونکە شتێک نییە ناوی شانۆی کوردی بێت. خۆ سەرقاڵکردن بەو پرسەوە، بێجگە لە بە فیڕۆدانی کات و هەست بە کەمیی کردن، هیچ شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت، ئەمڕۆ مێژوونووسانی جیهان، ئەگەر باس لە شانۆی هەر وڵاتێک بکەن، باس لە شانۆی ئەو وڵاتە دەکەن، شانۆ لە فەرەنسا، شانۆ لە ڕووسیا، شانۆ لە سوید...تاد بەخۆماڵیکردن و بەنەتەوەیی کردنی هەڵەیە و سنووردار دەبێت. لەبەر ئەوە من هیچ کاتێک لەگەڵ ڕای یەکەمدا نەبووم، شانۆ لە کوردستاندا هاوکات لەپاش نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە کوردستان دروست بووە، هەر وەک لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران هەیە، بەڵام

ئەگەر باس لە شانۆییەکی نەتەوەیی بکات، ئەوە پرسێکی ترە، زۆربەی میللەتانی جیهان لە دێرزەمانەوە خاوەنی شانۆی نەتەوەیی خۆیانن، ئێمە هەر لە سەرەتای ڕاپەرینەوە وەک پاداشتێک بۆ شانۆکاران کە بەر لە ڕاپەرین چۆن لە ڕێگەی شانۆ و ئەدەبیاتەوە میللەتیان بۆ ڕاپەڕین و ئازادی هان دەدا و زۆربەی پەیامی بەرهەمە شانۆگەرییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕۆژە مەزنانە بوو، تەنیا هەولێکی تاکەکەسی بۆ هەولّی دروست کردنی شانۆیەکی نەتەوەیی هەبوو، بەڵام بەداخەوە پشتیوانی لێنەکرا، بەڵکو ئەو تەنگژەیە وایکرد هەندێک لە شانۆکاران وڵاتیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ئاوارەیی کرد.

بۆ ڕاوبۆچوونی دووەم من ڕاوبۆچوونم جیاوازە، بە بڕوای من شانۆکاری خاوەن توانایی و پسپۆڕ لە کوردستان هەن، دەقیش هەیە. تەنگژەکە دامودەزگاکان دروستیان کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە ئەو دەزگایەی کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی شانۆیە، ئەم دەزگایە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەیە، شانۆکارێکی زۆر لەوێ دامەزراون، ژمارەیان ئەوەندە زۆرە لە ژوورەکاندا شوێنی دانیشتنیان نییە، زۆربەیان لەبەردەرگا بەپێوە وەستاون، دێن بۆ هەواڵ پرسین و چا خواردنەوە، ئەمانە بە بڕیاری حکومەت دامەزراون، من لە بەرپرسێکم پرسی هەر یەکسەر پێی گوتم لە خوام دەوێت ڕۆژێک یەکێک بڵێت نەخۆشم، یان کارم هەیە و نایەم. خەرج و بودجەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە چەندە و چی لێدێت باس ناکەم، لەبەر ئەوە من زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم کە نەمان و نەهێشتنی ئەم جۆرە دەزگایانە بە سوود و قازانجی شانۆیە لە کوردستاندا.

* ئەگەر شانۆی کوردی لە کوردستان بەگشتی بوونی هەیە و لە تەنگژەیشدا نییە، پێتان وایە بزاڤێک بەناوی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا هەیە؟

**ئەنوەر قادر ڕەشید:** وەک وتمان شانۆکار لە کوردستان لە تەنگژەدایە و مەرج نییە هەمان تەنگژە لە تاراوگەش بوونی هەبێ، ئەمە دیارە بە پێوەری ئاسایی، بەڵام کاتێ دێینە سەر باسی شانۆ لە تاراوگە (بە تایبەت لە ئەوروپا) دەبینین پێکهاتەیەکی زۆر جیاوازە و بە قەبارەی هونەرەکە وابەستەی لایەنی داراییەکە دەزگای تایبەتی بەرهەمهێن سەرپەرشتی دەکا (دیارە ئەم دیاردەیە بۆ بەرهەمی پیشەییە لە لایەن گرووپی پرۆفیشناڵ، یان هۆڵە شانۆییەکان ئەنجام دەدرێن)، ئەمەش لە کاتێکدا بە ئاراستەی ئاسایی خۆیدا دەڕوا کە بینەری ڕاستەقینەی شانۆ، وەرگری بەردەوامیان هەبێ و بتوانن ژیانی پێ دابین بکەن، ئەو پرۆسەیەش بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێ و دراماتۆرگ بە کەسی سەرەکی پلان دانەری بەرهەمی شانۆیی دادەنرێ، دەبێ بەر لە هەر شتێک هەموو لایەنەکانی بەرهەم یەکلایی بکرێتەوە لە هەڵبژاردنی دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر و زۆربەی کارە هونەرییەکانی تر، ئەوەش پاش کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لە بارەی ناوچەکە و باری دەروونی و دارایی، تەنانەت ڕێژەی تەمەنیش، بۆیە ئەم پرۆسە ئاڵۆزە، ڕەهەندی کوردی و شانۆکاری کوردیشی پێ ئاشنا نییە، ناکرێ وا بە ئاسانی شانۆکاری کورد جێی خۆی (وەک کورد و بە بەرهەمی کوردی بکاتەوە).

**فرمێسک مستەفا:** من پرسیارەکە بە جۆرێکی تر دەکەم، ئەگەر شانۆ لە ناوەوەی کوردستان لە تەنگژەدا بێت، ئەی دەبێت لە دەرەوەی وڵات کە ناوەڕاستی شارستانییەتە خۆی بە چ ئاقارێکدا بردووە؟ ئەوسا وەڵامەکە وردتر دەبێت. بزاڤی شانۆی کوردی لە ناوەوەی وڵات لە تەنگژەدایە، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان لە هەژاریدایە، ئەمەش بەرۆکی شانۆکاران ناگرێتەوە ئەوەندەی شانۆکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات لە باروودۆخێکی سەختدا دەژین و بواری کاری شانۆییان زۆر بەرتەسکە لە چاو شانۆکارانی ناوەوەی وڵات، ئەگەر بەراورد بکرێت، هەروەها شانۆکارانی ئەوروپا خۆیان هەر لە دابین کردنی هۆڵ و کۆکردنەوەی شانۆکارانی کورد لە بەرهەمێکدا... تاد، پەیدا کردنی بودجە بۆ کارەکەیان و زۆر ئاریشەی تر وا دەکات سیمایەکی هەژارانەی پێوە دیاربێت، بەڵام ئەو شانۆکارانەی بەشداری دەکەن لە بەرهەمە بیانییەکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، ناچێتە قاڵبی شانۆیەکی کوردییەوە. بۆ من گرنگ نییە بە چ زمانێکە، بەڵام گرنگە ناوەڕۆک و ئەکتەرەکان، واتە بابەت کوردی بێت، یان تێکەڵکێش بن لەگەڵ ئەکتەری بێگانە، یان تێکستی بێگانە بێت و ئەکتەر و دەرهێنەر کوردبن. گرنگ ئەوەیە مۆرکی شانۆی کوردی پێوە بێت و وەک ناسنامەیەک بۆ شانۆی کوردی و ئیزافەیەک بخاتە سەر بزاڤی شانۆی کوردیمان لە دەرەوەی کوردستاندا.

**برایم فەرشی:** من نازانم هەموو ئەو کورد و کوردستانیانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین "تاراندراون"، یان بە مەیلی خۆیان هاتوون، ئەگەر مەبەست لە "بزاڤ" جووڵانەوەیەکی شانۆیی کوردی دەرەوەی وڵات بێ، کە

هەڵگری تایبـــەتمەندی کـــورد و شـــانۆی کـــوردی بێ، پێویستـمـان بە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانە هەیە بۆ پێناسەی ئەو "شانۆی کوردی"یە، ئەگەر مەبەست تەنیا پێـشکەش کـردنی شـانۆ بە زمـانی کـوردی لە لایەن کوردەکانەوە بێ، وەڵامی پرسیارەکە بە بەڵێ دەدرێتەوە. بەر لە چوونە ناو ئەم باسەوە دەبێ ئەوە بڵێین لە دەرەوەی وڵات، بێجگە لە شانۆکاری باشوور، شانۆکارانی هەموو پارچەکـانی تری کـوردسـتـان و شـانۆکـارانی کـوردی سـۆڤـیـەتی پێـشـوو دەژین. لێـرە لەگـەڵ مـەیدانێکی بەرفـــراوانتـــر و ڕەنگاورەنگتـــری شـــانۆی کـــوردی ڕووبەڕووین، کە هەر کام تاقیکردنەوەی شانۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ خۆیان دەهێنن، ڕەنگە ئەم پرسـیـارەی ئێـوە بە شێـوەی عـادەتی ڕووی لە شـانۆی کوردەکانی باشووربێ کە لە "تاراوگە" دەژین، بەڵام ئێمە لێـرە لەگـەڵ چوار بەشی دیکەی شـانۆی وڵاتەکـەمـان ڕووبەڕووین، من لە وەڵامدانەوەی پرسیـارەکان، هەمـوو لایەنەکان لە بەرچاو دەگرم.

سـاڵەکانی هەشتا بە هۆی زۆربوونی پەنابەرانی کورد، لە سوێد، ئەڵمان، بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا گرووپی شـانۆیی بۆ پێشکەش کـردنی شـانۆ بە زمـانی کـوردی پێکهـاتن، کە هەمـوو بەرهەمی سـاڵانی سـەرەتای ژیانی ئەو کـــەســـانە لە دەرەوەی وڵات بـوو، بە نیـــســـبـــەت کوردەکانی باکوور و باشوور سیاسەت و حزبایەتی دەوری لە چێبوونی ئەو گرووپانەدا دەگێڕا.

لە نـاو وڵاتەکـانی ئەوروپا، ئەڵمـان بە هۆی زۆربوونی کوردەکان و پێشینەی کۆنتر و بوونی دامودەزگای سەر بە کـوردەکـان، دەوری تایبـەتی گـێـڕا. کـوردەکـانی باکـوور، ڕۆژئاوا تـیـپی شـانۆی تایبـەت بە خـۆیان پێکهـێـنا. لە سوێد و باقی وڵاتەکانی دی باشوورییەکان تیپی شانۆی خـۆیان سـازکـرد، لەم ناوەدا ئاوابوونی ناوەندی شـانۆی کـۆچەر بە بەشـداری هونەرمـەندانی هەر چوارپارچەی کـوردسـتـان و کـوردی تفلیس لە شـاری کـۆڵن، بۆ شـانۆ دیاردەیەکی دەگمەن بوو. بوونی باڵەخانە و هۆڵی تایبەت بۆ شانۆ و شوێنی ئیداری و کارمەند و گرووپی منداڵان و لاوان و گـەورەسـاڵ، هاوکـاری لەگـەڵ ناوەندەکـانی فەرهەنگی ئەڵمان و یەکێتیی ئەوروپا و وئەندامبوون لە دامودەزگاکانی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر بە ناسنامەی کوردییەوە، بەشداری لە فستیڤاڵەکان و ڕێکخستنی سمینار و فستیڤاڵ و بەرنامەکانی هونەری و فەرهەنگی و پێشکەش کـردنی شانۆ و بەڕێوەبردنی کورسی شانۆ و زمـان و جـۆرەکـانی هونەر، ناوەندی شـانۆی کـۆچەری کـردبـووە ناوەندێکی ڕەسـمی باوەڕپێکراو کـە لە ڕیزی شـانۆکـانی دیکەی شـاری کـۆڵن و ئەیالـەتی نۆردڕاین وێستـڤالن حیسابی بۆ دەکرا. دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندن، ستـۆدیۆکـانی فیلم و دامودەزگاکانی ئیداری لە پێوەندی لەگەڵ کورد و فەرهەنگ و هونەری کورد، پێوەندییان بەم دەزگـایەوە دەگـرت، هەر لەو ڕێگایەوە کـۆمـەڵێک لە ئەندامانی کۆچەر وەک شانۆگێڕ و ئەکتەر بەشداریان لە شـانۆی ئەڵمـانی و فـیلم و سـێـریاڵەکـانی تەلەڤزیۆنی دەکـــرد. ئەم نـاوەندە، بێـــجگە لە بەشی لێکۆڵینەوە ئەرشـیـڤـێکی دەوڵەمـەندی بۆ شـانۆی کـوردسـتـان پێکهـــێنابوو. دواتر لە لایەن هاوڕێ زەنگەنە و برایم فەرشی، لە شاری کۆڵن گەلاڵەی پێکهێنانی کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا دارێژرا، بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەک بخرێن بۆ بە دەزگـایی کـردنی کـاری شـانۆکـاران. بەڕێوەچوونی دوو کـۆنفـرانس لە سـاڵەکـانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ لە شـاری مـیـونیخ بە بەشداری کـۆمـەڵێک لە شـانۆکـارانی چالاکی نیـشـتـەجێ لە وڵاتەکـانی سـوێد، نورویژ، ئەڵمـــان، فـــەرەنســـە، هۆڵەند، بەریتـــانیـــا و پێـشکەش کـردنی کـۆمـەڵێک سـمـیناری جـددی، ئەو هیوایەی زۆر دەکرد کە لە ژێر چاودێری چەترێکی وا شانۆ بە زمـانی کـوردی گـەشـە بکات. دوای سـاڵی ٢٠٠٧ بە ئیـمکاناتی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و ناوەندەکـانی نادیاری کوردستان لە دەرەوە کارگەلێک بە ناوی شانۆی کوردەوە کـــرا. هەمـــووی ئەو هەوڵانە لەســـەر یەک نەبووە هۆی دروستبوونی "بزاڤی شانۆی کورد" لە دەرەوەی وڵاتدا.

**هاوڕێ زەنگنە:** بە دڵنیـــاییـــەوە بزاڤـێک لە تاراوگـــە بەناوی شانۆی کوردی هەیە، بەڵام کێ دەزانی ئەم بزاڤە چۆنە و کارەکتـەری ئەم بزاڤە چییە و نووسەری دەقەکان کـوردن؟ ئایا بابەتەکـانیـان باسی چی دەکـەن؟ چۆن ئەو کارە ئەنجام دراوە؟ ئایا لە میدیاکاندا هیچیـان لەسەر نووسراوە؟ ئەو شانۆگەریانە لەلایەن ڕۆژنامە و گۆڤارێکی شانۆییەوە بابەتێکی لەسەر نووسراوە و چی لە تاراوگە کراوە و چی لە تاراوگە پێشکەش کراوە و چۆن پێشکەش کراوە؟ چۆن تاراوگە بۆ وڵاتەکەیان گەنجینەیەکی هەمیشە ڕەونەقدار بووە، بەڵام ئایا کـوردسـتـان توانیـویەتی سوود لەم گـەنجـینە شـانۆییـە وەربگرێت؟ ئەو گـەنجـینەیە لە زانسـتـگەی کـوردیدا دەخـوێندرێت، ئایا توانیـویەتی لە زانستـگەیەکی ئەوروپی خوێندنێک تەواو بکات...تاد؟ هەموو ئەمانە نەکراوە، بۆ؟ ئێمە وەزارەتێکمان هەیە لە

ناو وەزارەتەکەشدا بەرپرسێکی تەرخانکراوی بۆ شانۆ هەیە، ئەی بۆ نەیتوانیوە بەدوای شانۆکارانی تاراوگە بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. ئەی بۆ ئەو بەرپرسانە لە جیاتی بەدوای پسپۆڕانی کورد بڕۆن، چوون بەدوای عەرەبەکانی بەغدا ڕادەکەن؟ چەند ساڵ ئەم بابەتانە دوابکەوێت هێندە، ڕۆژ، یان هێندە مانگ، یان هێندە ساڵ زیان لە ئەدەبیاتی شانۆی کوردی دەکەوێت. ڕۆژێک کە مێژووی ئەم سەردەمە دەنووسرێتەوە، ئەو کاتە بەرپرسیارێتی کەسایەتییە لاوازەکان دەنووسرێتەوە.

لە قوتابخانەکان و لە پەیمانگاکان و لە زانکۆکان (بەشی زانستی شانۆ) یەکێک لە موحازەرەکانی بەتایبەت کە تەرخان کراوە بۆ شانۆی تاراوگەی ئەڵمانی، واتە شانۆی ئەکسیل، بە چەند ڕستەیەک باس لە هۆکارەکانی بەناچاری چوونی شانۆکارانە بۆ تاراوگە.

بزاڤێکی شانۆی کوردی لە تاراوگە، یان شانۆی ئەکسیلی کوردی خاوەن بزاڤێکی زۆر ڕەنگاوڕەنگە، ئەم ڕەنگاوڕەنگییە لە خاڵێکی زۆر پیرۆزدا خۆی دەبینێتەوە ئەویش: کارکردنە بۆ خاک و کولتوور و فەرهەنگەکەی. ئەم کارە بەهەستێکی زۆر دڵسۆزانەوە دەکرێ، سەرەڕای پەرشوبڵاوی لە هەر کونجێکی ئەم وڵاتەدا بێت. لەسەر شانۆی وڵاتانی تر لە ئەکسیل دەیان کتێب و نووسین و لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام لەسەر شانۆ تاراوگەی کوردی کۆنەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە. بەڵێ چەند هەوڵێک دراوە، بۆ نموونە لەسەر ئاستی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە بەرلین و ڤوپەرتالی ئەڵمانیا و دوو کۆنفرانسی شانۆی کوردی لە شاری میونشن، هەردووکیان لەسەر ئاستی پسپۆڕان سەرکەوتووبوون.

**مەهدی جاف:** لە تاراوگە هیچ بزاڤێک نییە ناوی شانۆی کوردی بێت، هەوڵەکان تاکەکەسین و ناو بەناو، گرووپی شانۆی کوردی لە کۆمەڵێک وڵاتان هەن، بەڵام وەک دامەزراوەیەکی حکوومی و خاوەن بەرنامەی بەردەوام نییە، ئەوەتا لە ستۆکهۆڵم شانۆی جوولەکە هەیە، ئەم شانۆیە لە حکوومەت هیچ پشتگیری و داهاتێکی بۆ نایەت، کەسێکی سەرمایەدار بەڕێوەی دەبات و یەکێکە لە شانۆکانی سوێد و چەندان شانۆکار و کارمەند لەو شانۆیەدا دامەزراون و بە بەردەوام کار دەکەن، ئێمە وەک کورد لە هیچ وڵاتێکی ئەورووپی شانۆیەکی لەو جۆرەمان نییە. ئەڵمانیا، هۆڵەندا و نەرویج هەروەک ئاگادارم تێکەڵاوییەک لە نێوان شانۆکارانی کورد و هی نەتەوەکانی تر هەیە و بەرهەمی هاوبەشیان هەبووە، ئەمانە وەک پرۆژە، مەبەستی من لە شانۆی جوولەکەکان ئەوەیە کە ئەوان خاوەنی ساختمانی شانۆیی خۆیانن، گەڕۆک نین و بەدوای هۆڵی شانۆییدا بگەڕێن بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان و کارمەندەکانیان لەو شانۆیەدا دامەزراون.

* باشە ئەگەر ئەو بزاڤەی بەناوی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا بوونی هەیە، ئایە ئەو بزاڤە شانۆییە گەیشتۆتە چ ئاستێک؟

**فرمێسک مستەفا:** ئەگەر شانۆی کوردی لە ناوەوەی وڵات لە تەنگژەدا بێت، بەشی دووەمی کە دوای ڕاپەڕینە لە دەرەوەی وڵات کەوتە دەستی ڕەوەندە شانۆکارەکانەوە. لەوێ تەنگژەکە گەورەترە، شانۆکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات تاڕادەیەکی زۆر بە تاک باڵی کاردەکەن و کردوویانە، سەرەتا بە تیپی ئارارات لە وڵاتی سوێد دەستی پێکرد، لە چەندین کاری شانۆیی هەوڵیان دا گۆڤارێکی شانۆیی دەربکەن، ئەوەی من ئاگادار بم چەند ژمارەیەکی گۆڤاری شانۆیان لێ چاپ کرد و وەستا. دوای ئەم گۆڤارە، گۆڤاری زانستی شانۆ لە ئەڵمانیا لەلایەن چەند شانۆکارێکەوە کاری بۆ کرا کە بەندە لە دەستەی بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری گۆڤارەکە بووم، ئەویش لەبەر خەرجی و نەبوونی پێداویستی گۆڤارەکە لە دوای سێ ژمارە وەستا. نەک هەر ئەوە، هەوڵدانێک دروست بوو لە پێکهێنانی گرووپی شانۆیی، ئەوانەی من ئاگاداریان بم لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی وەک شانۆی لالش لە نەمسا، شانۆی میترا لە ئەڵمانیا لە نێوان شاری مونیخ و شتوتگارددا، لە شاری هانۆڤەر و بەرلین کۆمەڵێک شانۆکاری کورد کاریان دەکرد، هەروەها لە وڵاتی هۆڵەندا گرووپێکی تر دروست بوو، لەم ساڵانەی دواییدا لە بەریتانیا و دانیمارک کە بەگشتی لەوێ یەک دوو کار نمایش کرا و ئیدی بەرهەمیان نەما و شانۆکاران بڵاوەیان لێکرد، لەبەر سەختی باروودۆخی کارکردن.. باشترین ئەزموون ئەو فیستڤاڵانە بوون کە لە ئەڵمانیا دەکران، سەرەتا لە بەرلین و دواجار لە ڤوپەرتال، هەنگاوێکی زۆر باش بوو بۆ کۆکردنەوەی شانۆکارانی کوردی دەرەوەی وڵات و بە یەکگەیشتنەوەیان بۆ بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی، کە بەداخەوە تا ئێستا حکوومەتی هەرێم بیری لەوە نەکردۆتەوە لە دەرەوەی وڵات بە دوو ساڵ جارێکیش بێت ئەو جۆرە فیستڤاڵانە بۆ شانۆکارانی دەرەوە ساز بکات. ئەوسا دەتوانرا بۆ بەشداری پێکردنی لە

فیستڤاڵە نێونەتەوەییەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی هەڵبژێرن، بۆ ناساندنی شانۆی کوردی بە وڵاتانی بێگانە، وەک چۆن لە ناوەوەی کوردستان ئەو هەنگاوە هەیە، با لە دەریشەوە هەبێت، چونکە لە دەرەوەی وڵات پانتاییەکی گەورەتر دروست دەکات و ئاشنایەتییەکە ڕاستەوخۆیە و لە بازنەی کوردستان دەچێتە دەرەوە. تا ئێستاکە دامەزراوەیەکی وا دروست نەبووە بۆ کۆکردنەوەی شانۆکارانی کورد لە تاراوگە تا کرۆکی تەنگژەکەی ناو کوردستانیش چارەسەر بکرێت.. لەم بارودۆخەی ئێستاکەی کوردستاندا، کورد دەبێت سوود لە ئەزموونی شانۆکارانی دەرەوەی وڵات وەربگرێت، تا بتوانرێ بهێنرێتەوە بۆ ناو کوردستان و ئەوانیش توانایی و ئەزموونی پراکتیکی و تیوری خۆیان ببەخشنە شانۆکارانی ناوەوەی وڵات.

**برایم فەرشی:** کاتێک باس لە بزاڤی هەر شتێک دەکەین، دەبێ مەبەستمان کارێکی بەردەوامی ڕۆژانە بێ کە پەیوەستە بە ژیانی بکەرانی ئەو کارە و ئەوانەی لەو بزاڤە سوود وەردەگرن. ئێمە لە دەرەوەی وڵات شتێکی لەو چەشنەمان نییە. شانۆکارانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بەردەوام و ڕۆژانە خەریکی کاری شانۆ و دانوستاندن لە بارەی ئەو هونەرەوە نین. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کوردستان شانۆکار بوون، لە دەرەوە پێوەندییان بە شانۆوە نەماوە، کەمترین دیالۆگ و کاری هاوبەش لە ناو شانۆکارانی کورد لە دەرەوە دەبیندرێ. کوردی دەرەوەی وڵاتیش نە تەنیا ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە شانۆ بە زمانی کوردی نابینن، بەڵکو بە دەگمەن دەچن بۆ بینینی شانۆی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین. لە بارودۆخێکی وادا لەسەر چ بنەمایەک باس لە بزاڤی شانۆی کوردی دەکرێ؟

**مەهدی جاف:** هەر وەک ئاماژەم پێدا شانۆیەکمان نییە لەسەری نووسرابێت شانۆی کوردی و بەردەوام بینەرانی کورد و بیانی سەردانی بکەن و شانۆکاران بەردەوام کاری تێدا بکەن، بەڵام بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان، هەوڵێکی زۆر گەرموگوڕ و پەرۆش بۆ کاری شانۆیی هەبوو، لەبەر ئەوەی وەک هونەری بەرەنگاربوونەوە کاری زۆر باش کراوە، گرووپی شانۆی کوردی هەبوو، بەداخەوە ئێستا نەماوە و ئەوە چەند ساڵێکە هیچ بەرهەمێکیان نییە.

**هاوڕێ زەنگنە:** چۆنیەتی دیاریکردنی ئەم بزاڤە بەناسینی ئەم بزاڤە گرێ دراوە، ناسینی ئەم بزاڤەش بەستراوە بەوەی شانۆکارانی کورد بە جیهاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە، بەتایبەت لە ئەورووپا ڕەوەندێکی شانۆکاری زۆر هەیە، ئەورووپاش وەک هەر وڵاتێک کەم تا زۆر شانۆکارانی تێدا گیرساوەتەوە، بۆیە هەر وڵاتیک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە، شانۆکاری کورد لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندێکدا، یان لە سەندیکایەکدا کۆنەبوونەتەوە، دوو جۆر هەوڵی زۆر باش هەبوو، کە بۆ مێژووی شانۆی کوردی لە تاراوگە سەربەرزییەکی گەورەیان تۆمارکرد، کە بە شێوازی فیستیڤاڵ بوو، سێ فیستیڤاڵ لە ئەڵمانیا کرا (لە شاری بەرلین و شاری ڤوپەرتاڵی ئەڵمانیا)، ئەوەی دووەم شێوەی کۆنفرانسی شانۆیی بوو، کە کۆنفرانسی یەکەم و کۆنفرانسی دووەم لە شاری میونشن سازکرا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم شانۆی کوردی لە ئاستێکدایە، کە بە شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەند کراوە.

**یەکەم:** نمایشی شانۆیی: نمایشی شانۆیی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەش دەکرێن. ئەم شێوازەش ڕەنگاوڕەنگە خۆی لە نمایشی وەک:

١- شێوازی نمایشی شانۆی مۆدێرن.
٢- نمایشی شانۆی کلاسیکی.
٣- نمایشی پێرفۆرمانس.
٤- شانۆی سەمایی.
٥- شانۆی تەعبیری سەمایی.
٦- شانۆی نیوکولتووری.
٧- شانۆی پووپەی.
٨- شانۆی منداڵان.
٩- شانۆی فۆرم تیاترە.
١٠- شانۆی پێداگۆگی.
١١- شانۆی پانتۆمیمی.

**دووەم:** شێوازی وۆرک شۆپ. ئەنجامدانی وۆرک شۆپی جۆراوجۆر لەلایەن پسپۆڕانی شانۆی کوردەوە. بۆ نموونە: ئەنجامدانی:

١- وۆرک شۆپی شانۆیی فۆرم تیاترە بەشێوەی پسپۆڕی.
٢- وۆرک شۆپی پووپەیی.
٣- وۆرک شۆپی ناسینی جەستەی خودی ئەکتەر.
٤- وۆرک شۆپی شانۆی نیوکولتووری.
٥- وۆرک شۆپی شانۆی پێداگۆگی.
٦- وۆرک شۆپی چۆنیەتی نووسینی شانۆی منداڵان.

**سێیەم:** نووسینی تێکستی زانستی سەبارەت بە شانۆ

و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا.

**چوارەم:** گرتنی کۆڕ و سیمینار سەبارەت بە شانۆ و بزاڤی شانۆی کوردی.

**پێنجەم:** گفتوگۆکردن لەسەر شانۆی کوردی لە دانیشگاکاندا (بۆ نموونە ئەڵمانیا. دانیشگای مەکسمیلیەن ئونیڤێرستی میونشن)

**شەشەم:** بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی بەزمانی ئەڵمانی لەسەر شانۆی کوردی.

**حەوتەم:** بڵاوکردنەوەی نووسینی زانستی لەسەر شانۆی کوردی بەزمانی ئەڵمانی لە گۆڤاری پسپۆڕی جیهانی بەزمانی ئەڵمانی.

**هەشتەم:** نووسینی نووسەرانی ئەڵمان لەسەر شانۆی کوردی، بە زمانی ئەڵمانی.

**نۆیەم:** سەفەرکردنی گرووپە شانۆییەکان بۆ وڵاتانی جۆراوجۆری دەرەوەی ئەورووپا.

**دەیەم:** کارکردن لەگەڵ شانۆکارە بەناوبانگەکانی جیهان، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوگوستو بوال کە پێش کۆچکردنی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک کاری لەگەڵ کرا، هەروەها شانۆکاری تر لەگەڵ ئاریانە منوشکینی و دیداری شانۆیی لەگەڵ پێتر بروک، ڕەنگە چەندین کاری تر هەبن من ئاگاداریان نەبم، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، بەشێکی بچووکی ئەو بزاڤەیە کە هەوڵم دا بیخەمە بەردەستی خوێنەران، دڵنیام زۆری تریش هەیە، ڕەنگە بە ڕێزەکانی تر باسی بکەن.

**ئەنوەر قادر ڕەشید:**

لە ڕاستیدا هەندێ بەرهەمی کوردی پێشکەش کراون، کەمێک بینەریشیان هەبووە، چونکە زۆربەی زۆری بینەرانیان کورد بوون و بە دەگمەن بیانییان تێدابووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی باش و خراپ وەک لە کوردستان بەرهەمهێنراون، ئەمە وەک بەرهەمی کوردی، چونکە لە ڕاستیدا ڕەوەندی کوردی لە تاراوگەش هەر ئەو کەسانەی کوردستانن و شانۆ بەلایانەوە پێداویستییەک نییە، دەتوانم بڵێم چوون بۆ ئاهەنگێک، یان کۆنسێرتێکیان زیاتر بەلاوە گرنگە وەک لە شانۆ، دیارە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە کە پاش ماندوبوونی کار و گوشاری نامۆیی، پەنابەرن بۆ ئاهەنگێک بەرن بۆ یەکتر بینین و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بە هەڵپەڕکێ و...تاد، بەڵام شانۆکار ئەو دەرفەتەی نییە ماوەیەکی درێژ پرۆڤە بکات و هۆڵ بەکرێ بگرێ و کارە هونەرییەکانی لە گیرفانی خۆی سەرف بکات و بینەریشی ئەوەندە نەبێ کە دڵی پێ خۆش بکات، چەند شانۆکارێک ئەو ئەزموونەیان هەیە و پێیدا تێپەڕیون، بەڵام لە ڕاستیدا نموونەیەکن لەوانەی کوردستان بە چاک و خراپییەوە.

* ئێمە لەو باوەڕەداین بزاڤێکی شانۆیی لە دەستپێکی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە پچڕ پچڕی سەرەتا لە سوێد دەستی پێکرد، دوای ڕاپەڕینیش هاتنە دەرەوەی دەستەییەکی دی لە شانۆکاران و هەندێک پسپۆڕی بواری شانۆی کوردی بۆ ئەورووپا، ئەوەندەی پێنەچوو بزاڤێکی بەهێزتر سەری هەڵدا و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە برەودا بوو، دەتوانین بڵێین ئەو بزاڤە شانۆییە قۆناغی دووەمی شانۆی کوردییە لە تاراوگەدا، کە توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئێوە لەو بارەیەوە ڕاوبۆچوونتان چییە؟

**برایم فەرشی:** ئەوەی هەبوو بزاڤی شانۆیی نەبوو، پێشکەش کردنی کۆمەڵێک شانۆ بوو، تەنانەت لەو چەند فیستیڤاڵەی کە ئەو کات لە بەرلین و وپرتاڵ و شوێنی دیکە ساز کرا، کە دەبوو ڕەنگدانەوەی ئەو بزاڤە بێ، نە کەس باسی لە بزاڤی شانۆی کوردی لە دەرەوە دەکرد، نە کارەکان ئاستێکی وایان هەبوو کە بڵێین ئەوە ئاستی "شانۆی کوردی" بوو، تەنانەت ئەو شانۆنامانەی کە لە یەکەم فستیڤاڵی شانۆ لە بەرلین پێشکەش کران، هەر هەموویان هی یەک شاری باشووری کوردستان بوو، بەوە گوترا "یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی کوردی"! هەر ئەو کات من لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنیدا باسی ئەوەم کرد، کە شانۆی یەک وڵاتی چەند پارچە لە شارێکدا کۆنابێتەوە، بەڵام کە مەبەست شتێکی تر بێت، گرووپێکیش دەتوانێ بە ناوی هەموو شانۆی کورد و کوردستان و بزاڤی شانۆ لە دەرەوەی کوردستان قسە بکات. ئەم چەشنە بۆچوونە لە هەموو بوارێکدا بە تایبەت هونەر و لەوانەش شانۆ دەبینرێ. هەر لەو گۆشەنیگایەوە بەشێک لە شانۆکارانی باشوور بەر لە "ڕاپەڕین" دەوری خۆیان دەبینی، تەنانەت ئەو کتێبانەی کە لێرە و لەوێ لە سەر شانۆی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان نووسراون، ئەم فیکرە بەسەر نووسەرەکانیاندا زاڵە، من بزاڤی شانۆی کوردی کە قۆناغ بە قۆناغ بوویێ، ناتوانم بسەلمێنم. سەردەمێک هەر بە عەقڵییەت و شارەزایی کوردستانەوە، لە شارەکانی ئەورووپا شانۆ بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، بەڵام هیچ نووسراوە و هەڵسەنگاندن لە سەر ئەو کارانە بۆ ئەمڕۆ بەجێ نەماوە. هەر ئەودەم من لە وتارێکی

دوورودرێژدا کە لە گۆڤاری ئاوێنە لە تاران چاپ کرا، باسی ئەو سەردەمی شانۆی کوردەکانم لە ئەورووپا کردووە، بەڵام ئەو وتارەش هەڵسەنگاندن نەبوو.

**ئەنوەر قادر ڕەشید:** هاتنی شانۆکارانی پسپۆڕی بوارەکەی خۆیان بە شێوازێکی تر خۆی نواندووە، چونکە شانۆی بێ بینەر، یان کەم بینەر، بواری کار کردن بەرتەسک دەکاتەوە و دەبێتە بەربەست لە ڕێی هەوڵ و خواستەکانی شانۆکار، بەلای خۆمەوە ناتوانم لەم ئەورووپا گەورەیەدا ساڵێ چەند بەرهەمێکی شانۆیی (بەدەر لە لایەنی هونەری و نا هونەری) بە بزاڤی شانۆیی ئەژمار بکەم، هەر ئەوەش وای کردووە شانۆکارانی کورد پەنا بەرنە بەر گرووپە بیانییەکان، یان خۆیان وەک گرووپی جیهانی (بە کەڵک وەرگرتن لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی) کار بکەن. ڕاستە چەند گرووپێکی شانۆیی کوردی هەن، بەڵام بە ناچاری بە پێوەرەکانی کوردستان کار دەکەن، چونکە ئەو سیستەمە بازرگانییەی شانۆی پیشەیی لە ئەورووپا کاری پێ دەکا بۆ گرووپێکی کوردی ڕەخساو نییە، هۆکارەکەشی ئاشکرایە کە لایەنی بەرهەمهێنی شانۆی پیشەیی بەر لە هەموو شت بیر لە قازانج دەکاتەوە و مەبەستێتی داهاتێکی باشی بۆ دابین بکات، بۆیە شانۆکاری کورد ناچارە بە هەمان مەرج و بوارەکانی وڵات کارەکانی نمایش بکات و نەتوانێ بەتەواوی کەڵک لە بواری بەرهەمهێنان و هۆڵی شیاو و تەکنیکی نوێ وەرگرێ.

**مەهدی جاف:** لە سەرەتای ساڵانی هەشتا تا کۆتایی بۆ نموونە لە سوێد (تیپی شانۆی ئارارات) و (تیپی شانۆی کوردی لە دەرەوەی وڵات لە سوێد) لە یەک کاتدا لە شاری ستۆکهۆڵم هەبوون و چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردووە و بینەریان هەبووە و کاریگەریشیان لەسەر بینەر و بزاڤی شانۆ هەبوو، ئەم دوو گرووپە هەر بە ناو ماون، هەر کاتێک بیانەوێت کار لە درامایەکدا بکەن، ئەوە دەبێتە درێژەدان بە مێژووی ڕابردوویان، لە شاری یۆتۆبۆری لە سوێد تیپی شانۆی کوردی هەیە و ناو بەناو بەرهەمیان هەیە. لە پاش ڕاپەڕینەوە کە شانۆکاران لەبەر شەڕی ناخۆ و ترسی برسێتی و ڕیسوابوون ڕوویان لە ئەورووپا کرد بەو ئومێدەی درێژە بە توانایی و ئەزموونەکانیان بدەن، بەڵام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت بوونەوە، من ئەم بابەتەم بەر لە ١٢ ساڵ، واتە ساڵی ٢٠٠١ کردە باسێک و لە فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی کوردی بە ناوی گیروگرفتەکانی شانۆکارانی کورد لە هەندەران پێشکەش کرد، پاشان لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کرایەوە، لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە سێ فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە ئەڵمانیا بەڕێوەچووە، هەر جارەی سێ ڕۆژ بوو، ڕۆژی بەلایەنی کەم سێ شانۆگەری پێشکەش دەکران، ئەو شانۆگەریانە زۆربەیان بەرهەمی ئەو شانۆکارانە بوون کە ئێوە ئاماژەتان پێیان داوە، کە لە پاش ڕاپەڕینەوە هاتنە ئەورووپا، بەرهەمەکان زۆر ئاست بەرز و جێگای دڵخۆشی بوون، هەر بەرهەمێکی بەناوی گرووپێکی شانۆی کوردی ئەم وڵات و ئەو وڵات بوو. بڕیار بوو ئەو فیستیڤاڵە هەموو ساڵێک بکرێت، بەداخەوە نەکرا، ئەوەش دەرگایەکی لەسەر شانۆکاران داخست کە ساڵانە بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە لە یەکتر کۆدەبوونەوە.

**هاورێ زەنگنە:** سەلماندنی بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگە چۆن دەبێت؟ تاراوگە، یان ئەکسیل، هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە، کە شانۆکاری کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، بەتایبەت هەموو ئەو شانۆکارانە دەگرێتەوە، کە وەک نارازییەک دژی ڕژێمی عیراقی پێشوو وڵاتێکی تریان بۆ درێژەدان بە خەباتی خۆیان هەڵبژاردووە. لەبەر نەبوونی ناوەندێکی شانۆیی، یان دەزگایەکی شانۆیی، کە لەسەر کەمیی ناوی شانۆکارانی کورد، کارە هونەرییەکانیان تێدا ناونووس بکات. من بە چاکی دەتوانم لە بارەی بزاڤی شانۆی کوردی لە ئەڵمانیا و ئەو شانۆکارە کوردانەوە قسە بکەم، کە لە ئەڵمانیا توانیویانە لە بزاڤی شانۆی کوردیدا ڕۆڵیان هەبێت، یان کاری شانۆیان کردووە. ئەو بزاڤە تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لە چەند بوارێکدا لە چاو وڵاتانی تر خۆیان بە شێوەیەکی زانستی و هونەری لە ناو مێژووی شانۆی کوردی ئەم وڵاتەدا، شوێنێکی شایستە بۆ خۆی دیاری بکات. ئەو هەوڵەش لە سەرووی هەموو شتێکەوە بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، ئەوەش بە خوێندنی زانستی شانۆ لە دانشگاکانی ئەڵمانیا کراوە. لەلایەکی ترەوە بە پێشکەش کردنی کار و بەرهەمی شانۆییەوە. بەمەرجێک ئەو کار و بەرهەمە توانیبێتی ڕێچکەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە خۆی بگرێت، تا بتوانێت لە نێو چەندین بەرهەمی شانۆیی ڕۆژانەی شارەکەدا خۆی بگەیەنێتە بینەران و هەنگاو بنێت بەرەو هەڵسەنگاندنی لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا.

دوو گۆڤاری بەناوبانگی شانۆ هەیە، تەنیا تایبەتە بە شانۆ. ئەم گۆڤارە کۆنترین و بەناوبانگترین گۆڤاری

ئەڵمانیایە، کە لە ساڵی ١٩٤٦ مانگانە دەردەچێت. زۆربەی شانۆکارە بەناوبانگەکانی ئەڵمان و جیهان بەرهەمی نووسینیان تێدا بڵاوکردووەتەوە و پێنج پرۆفیسۆر و کەسانی شارەزا ڕاوێژکاری ئەم گۆڤارەن. هەموو ژمارەکانی ئەم ٦٦ ساڵەی لە کتێبخانەکانی زانکۆکان پارێزراون. بۆ نموونە نمایش کردنی دایکە ئازاکەی برێخت و وێنەی نمایش کردنەکەی تێدایە. بۆ یەکەم جار کوردێک لەو گۆڤارەدا لە بارەی شانۆ کوردی بەرهەمی نووسینی زانستیانە بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، تا ئێستا سێ جار من لەو گۆڤارەدا نووسینم بڵاو کردۆتەوە. ئەو کەسەی لەو گۆڤارەدا بابەت بنووسێت و بڵاو بکرێتەوە، ئەوە ناوەکەی دەچێتە ڕیزی ناوی ئەو نووسەرانەوە، کە لەلایەن شارەزایان و نووسەرانی ترەوە بە ناوەکەی ئاشنا دەبن و بابەتەکەشی دەناسرێت.

بێجگە لەوەش لە ڕۆژنامەی زوید دوێچە تساتۆنگی ئەڵمانی بۆ یەکەم جار لاپەڕەیەکی تەواوی لە بارەی شانۆی کوردی تەرخان کرد، کە لەلایەن ئەکتەری ئەڵمانی و ئەوروپییەوە بەرهەم هێنراوە، لەوێ بە دووردرێژی لە بارەی ئەم شانۆگەرییەی بڵاوکردەوە و باسی ئەو شێوازی دەرهێنانە جەسوورەکەی دەکات، کە لە شاری داخاو ئەو شارەی هیتلەر فڕنی کوشتاری سەیری بۆ زیندانەکان دروست کردبوو، ئێستا بووە بە شوێنێکی مێژوویی. هەموو خەڵکی لە تەواوی دنیاوە بۆ سەیری ئەم شوێنەوارە مێژووییە دێن، هەروەها لە ڕۆژنامەی ئابند تساتیونگ و ڕۆژنامەی تاگس تساتونگ و ڕۆژنامەی میونشنە میرکورو بابەتیان لەبارەوە بڵاودەکرێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەڵمان هەر لە ساڵی ١٩٨٨وە لە ڕێگەی نووسین و بەرهەمە شانۆییەکانەوە بە هونەری شانۆی کوردی ئاشنا بووە، بۆ نموونە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی شاری هانۆڤەر، ڕۆژنامەی هانۆفەریشە ئەلگماین و ڕۆژنامەی نویە پرێسە بە ناوی (هاوڕێ تەنیا لەسەر سەکۆ نمایش ناکات) بابەتێکیان بڵاوکردەوە، ئەو بەرهەمە شانۆییە بەناوی (من بۆ ئازادی خۆم نەهاتووم، لە نووسینی فرانک مارتین و هاوڕێ زەنگەنە) لەلایەن خاتوو ڕووت شیدەوە دەرهێنراو هاوڕێ زەنگەنەش ڕۆڵی سەرەکی ئەو شانۆگەرییەی بینی، ئەم بەرهەمە لە چەندین شاری ئەڵمانیادا نمایش کرا.

ئەم ئاشنایەتییە تەنیا لەنێو کورددا نەبوو، بەڵکو هەنگاوی بۆ ناو شانۆی کولتووری ئەڵمانی ناوە، بۆیە من لێرە سەرنجێکم هەیە، هەنگاوێکی زانستی بۆ چەسپاندن و ئاشنا کردنی شانۆ بە کۆمەڵگای ئەوروپی، بەتایبەت ئەڵمانیا، بۆیە دەتوانرێت ئەڵمانیا بە پێشڕەوێکی ئاشناکردنی زانستییانەی شانۆی کوردی بداتە قەڵەم. بێ گومان بە هاوکاری ئەو شانۆکارانەی تر، کە لەو وڵاتانە خوێندنی شانۆیان خوێندووە، وەک نەمسا (ئوتریش) و سویسرا، کە بەزمانی ئەڵمانیش قسە دەکەن. بۆ نموونە ئەم بەڕێزانە (دڵشاد ئوتمان و خاتوو نیگار قەرەداغی و ساڵح و شەماڵ عومەر و خەرمان هیرانی و هیرۆ سەباح و کاروان عومەر...تاد ڕەنگە کەسی تر هەبێت، بەڵام من ئاگاداریان نەبم، من تەنیا باسی ئەڵمانیا دەکەم).

کەسانی تر لە فەرەنسا وەکو هونەرمەند د. شوان جافر و هونەرمەند سەرکاو هادی و کەسانی تر لە هۆڵەندا و لە سوێد و بەریتانیا و...تاد هەن.